

Storied Land

Kurdish Culture Through the Eyes of Russian Scholars

Земля легенд

Курдская культура глазами российских исследователей

نیشتمانی داستان

کەلتوری کوردی لە چاوی تویژەرانی رووسی

أرض الأساطير

الثقافة الكردية بعيون الباحثين الروس



Земля легенд

نیشتمانی داستان

Storied Land

أرض الأساطير

Газпром нефть ✻ Gazprom Neft

2014

غـازبـروم نـفـط ✻ گـازپـرۆم نـەفـت

٢٠١٤

Земля легенд

Курдская культура глазами российских исследователей

Storied Land

Kurdish Culture Through the Eyes of Russian Scholars

نیشتمانی داستان

کەلتوری کوردی لە چاوی توێژەرانی رووسی

أرض الأساطير

الثقافة الكردية بعيون الباحثين الروس



بۆ خوێنەر

خوێنەری بەڕێز، ئەوەی بەردەستتان ژمارەیەك وێنەی ناوازەن کە لەلایەن ن گەشتکار و زانا و تەنانەتە یەکەمین وێنەگرە پرۆفیشناڵەکانی روسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم گیراون لەو شوێنانەی کورد تێیدا ژیاون – لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری قەفقاز. ئەم وێنانە رەنگە باریدەدەری کردنەوەی مێژوو و کەلتووری نوێی کوردی بن. لە وێنەکاندا تابلۆی خەڵکانێکی نایاب بە هاوەمی ژیانێکی سەختەوە دەبینرێن، خەڵکانێك هەنووکە لە قۆناغی هەڵسانەوەی نەتەوەیی دەژین. پێشبینی دەکەم ئەم بڵاوکراوەیە بەشداریپەکی بەرچاوی لە توێژینەوەی کوردی جیهانی هەبێت و بایەخدار بێت نە تەنها لەو وڵاتانەی کورد تێیدا دەژین، بەڵکو ئەوانەش کە گرنگی بە رۆژهەڵات دەدەن.

ئەکادیم: ئ. م. پریاکۆف

لێکۆڵینەوە کوردییەکان – ئاراستەی باو لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا

لێکۆڵینەوەی کوردی وەک ئاراستەیەکی جێگیر خۆی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا لە ڕووسیای قەیسەری لە دایکبوو، ئەو کاتەی ئیمپراتۆر نیکاتریمای دووەم لە ساڵی (١٧٨٧)دا، ئەکادیم ب. س. باللاسی بە دانانی "فەرهەنگی بەراوردکاری بۆهەموو زمان و دیالێکتەکان" ڕاسپارد. لەو کاتەدا و بۆ یەکەم جار ٢٧٦ وشەی کوردی لە ساڵی (١٨٣١)دا بڵاوکرایەوە کە ڕێککەوتنی ئاستی نێوان "جولیستان و ئیران" واژووکرا. کوردانی نیشتەجێی خانیبەی قەرەباغ کەوتە ژێر سەربەڕشتی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی. شارستانیەتی دەوڵەمەند و کۆنی گەلی کورد بوو بە بابەت و جێگەی بایەخی تۆژەرانی ڕووسی، فراوانبوونی ژێرخانی ڕووسیا تا باشووری قەفقاز و کوردستانی ئێران بوو بە پێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن بۆ ژیان و ژێرخانی کۆمەڵایەتی کوردەکان کە لەم ناوچانەدا نیشتەجێبوون. هێواش هێواش پەیوەندی متمانە و هاوڕێیەتیان لەگەڵیاندا دروستکرد. لەو کاتەدا ئاراستە سەرەکییەکانی دیراساتی کورد و جێبەجێکردنیان گەشەی سەند. لەم ئێوەندەدا بنکەیەکی سەرجاوەی گرنگ و پەیوەندار بە گەلی کورد لە سانت-پێترسبۆرگ پێکهات. تۆژەر و گەڕیدە و دیبلۆماتکار و کەسایەتییە سەربازییە ڕووسەکان هەوڵێکی زۆریان بۆ دامەزراندنی بەخشی. لە ساڵی (١٨١٨)دا مۆزەخانەی ئاسیایی کە سەر بە ئەکادیمیای زانستی ئیمپراتۆری بوو لە سانت-پێترسبۆرگ پێکهێنرا. تەماوکردنی بااڵنسی ئەو بەرهەمانەی کە ببوون بە بنەمای دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ڕەسەن بەردەوام بوو.

لە ساڵی (١٨٢٦)دا گەنجینەوانی مۆزەخانەی م. گ. قۆلکۆف هەستا بە بڵاوکردنەوەی باسێکی تەماو لەسەر دەستنووسی بەناونانگ " شەرەفنامە". کە بەرهەمی مێژوونووسی کورد شەرەفخانی کوڕی شەمسەدینی بەتلیسیە (١٥٤٣-١٦٠٣). ئەم دەستنووسە دەنگوباسی فەرمانڕەواکانی کوردی بەتلیسی کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەم تا سەرەتای سەدەی شازدەمینی لە خۆ گرتووە. گرنگی دەرکردنی ئەو سەرچاوە ڕەسەن و تێرتەسەڵەی مێژووی کورد پێکدەهێنێت کە زیاتر لە جارێك بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئاسیایی بەناوی خ. د. فرین ئامادەی پێکردووە.

لە ساڵانی (١٨٦٠-١٨٦٢)دا ف. ف. فیلیامینۆف-زیزنۆف (١٨٣٠-١٩٠٤) دەقێکی دەستنووسی فارسی لە دوو بەرگدا بڵاوکردەوە: بەشی یەکەمی مێژووی خانەوادە کوردییەکانی لەخۆ گرتووە، وە بەشی دووەمی دەربڕنەجامی نووسەرەکەی تێدا نووسراوە، کە مێژووی ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی سێزدەم تا شازدەمی تێدا تۆمار کراوە. تەواوی دەستنووسی شەرەفنامە بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی فەرەنسی و بە شیکردنەوەی تێرتەسەڵی تێرتەرەی فەرەنسی ف. ب. شارموا لە سانت-پێترسبۆرگ لە ماوەی ١٨٦٨-١٨٧٥ بڵاوکراوەتەوە.

سەرۆکی شارەوانی یەریڤان بە ناوی ی. ف. باسکیڤیچ (١٧٨٢-١٨٥٦) گرنگییەکی زۆری بە دروستکردنی پەیوەندی و ئەو هاوسێیەتییەی کە لەگەڵ کورد هەیانبوو دا. بەهۆی هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی ڕووسیا لە کاتی جەنگیدا لەگەڵ تورکیا لە ساڵانی (١٨٢٦-١٨٢٨) توانی بڵایەنبوونی هۆزی کوردانی میرنشینەکانی ڕواندز و بۆتان و هەکاری بەدەست بێنێت. لەو کاتەدا کوردانی یەریڤان و ناخیچیڤانی و قەفقازی کوردستان، لە ئەدەبی پێش شۆڕشدا بە "کورتینتس" ناسراببون. لەنێوان کەسایەتییە سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسیە ڕووسەکان ئەو کوردانەی کە لە ناوچەکانی خۆیاندا لە باشووری قەفقاز و بەتایبەت لە کوردستاندا نیشتەجێبوون بەریەك کەوتن ڕوویدا. توانرا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا زانیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە کورد و خاکەکەیان کۆبکرێتەوە و تۆمار بکرێن، کە دواتر بوون بە سەرچاوەی بەهادار لە زانستی ئەکادیمیی و زانکۆیی.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە ڕووسیا، ژمارەیەکی زۆر کاری مێژوویی و جوگرافی و ئەتنۆگرافی کوردستان لەسەر دەستی هەر یەك لە: ف. دیتتیل، ی. ن. ببریزین، خ. ئەبوڤیان، ن. ف. خانیکۆف، یو. س. کاتسیڤ و چەندانی دیکە دەرکەوتن. ئەم کارانە بوون بە مایەی گرنگپێدانی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی، و بۆیە بۆ سەر چەندین زمانی جیاواز وەرگێڕدران. لە بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا ئەکادیمیای ڕووسی زانستی بوو بە بنکە و ڕێکخەری دیراسات و ئەتنۆگرافیا و زمان و ئەدەبی گەلی کورد.

هەستانەوەی دیراساتی کوردی(کوردناسی) لە چوارچێوەی دیراساتەکانی دیکە بوو و پەیوەندار بوو بە چاڵاکییەکانی تۆژەری دیار و هەڵکەوتوو پێوەتر ئیڤانۆڤیچ لێرخ (١٨٢٨-١٨٨٤)، کەوا لە (١٨٥٠)کانەوە کاری لەسەر دۆزی کورد تا گەیشتووەتە جەنگی نێوان ڕوسیاو تورك لە ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٦) کردووە.

تۆژینەوەی ڕەسەنی زانستی بەناوی "دیراسەکردن دەربارەی کوردانی ئێران و هاوەاڵنیان لە کلدانییە ڕۆژئاواییەکان" لە سێ بەشدا لە سانت-پێرسبۆرگ لەنێوان ساڵانی (١٨٥٦-١٨٥٨)دا بڵاوکرایەوە. لە بەشی یەکەمی پەرتووکەکەیدا پیوتر لێرخ سوودی لە زانیاریە جێبەجێکارییەکانی زمانی کوردی بینیووە، کە لە کاتی مانەوەیدا بۆ ماوەی سێ مانگ لە شاری ورۆاڤل لە ناوچەی هەرێمی سیمولینسکایا توانی بەدەستیان بهێنێت، کە بە ڕاسپاردەیەك لەلایەن ئەکادیمیای زانستە ڕووسیەکان بە مەبەستی شارەزابوونی لە زمانی کوردی لە ڕێگەی تێکەڵبوونی لەگەڵ خێزانە کوردەکانی جەنگ – ئەوانەی بەهەردوو دیالێکتی کرمانجی و زازایی قسەیان دەکرد– نێردرابوو. باسێکی دوورووودرێژی سەبارەت بە مێژووی دیراسەتی زمانی کوردی خستەڕوو و تیایدا پێنج دیالێکتی زمانی کوردی باس کردووە: کرمانجی و لوڕی و کەلهوڕی و گۆران و زازایی. کوردی وا ناسانبوو کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی زمانەکانی ئێرانی. لە بەشی سێیەمی ئەو بەرهەمەیدا پیوتەر لێرخ دوو فەرهەنگی بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی و زازایی ئامادەکردوە.

لە ڕاستیدا ناتوانرێت نرخی ئەو بەشداریکردنەی ئۆگەست دیمینتیفیچ ژابا (١٨٠١-١٨٩٤) سەبارەت بە دیراساتی کوردی و ڕووسی و جیهانی هەڵبەسەنگێندرێت. ئەو دیبلۆماتکارێکی مەزن و تۆژەرێکی هەڵکەوتوو و دڕەوشاوەیە و کۆکەرەوەی دەستنووسە کوردییە گرنگەکان و دانەری یەکەم فەرهەنگی کوردییە.

لە (١٨٥٦)دا ئۆگەست ژابا بە کۆنسوڵی ڕووسیا بۆ ئەرزەڕۆم هەڵبژێردرا، کە بۆ دیراسات و کۆکردنەوەی بابەت بە دیالێکتی کرمانجی ناڕاستەکرا. لەم بوارەدا هەڵکەوتووی کورد مەلا مەحمودی بایەزیدی یارمەتی زۆری ناوبراوی دا. لە ژێر ڕێنمایی ئۆگەست ژابا مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی (١٨٥٩) دا هەستا بە وەرگێڕانی دەقی فارسی دەستنووسەکانی "شەرفنامە" بۆ سەر دیالێکتی باکوری زمانی کوردییەوە (کرمانجی)، کە لە ژێستادا ئەو دەستنووسە لە کتێبخانەی ئەتەوەیی ڕووسی لە سانت-پێرسبۆرگ هەڵگیراوە، و لە سەردەمی بەکێتی سۆفیەتیدا و لە (١٩٨٦) لەلایەن ك. ك. کوردۆیێف و ج. س. موسائیلان دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی.

لە ساڵی (١٨٦٧)دا ئۆگەست ژابا هەڵسا بە دانانی فەرهەنگێك بۆ زمانەکانی (فەرەنسی–ڕووسی–کوردی) کە کۆمەڵەی زانایانی جیهانی بۆ دیراساتی ئێرانی لە تاوتوێکردنی ئەم کارەدا بەشداریانکرد. بەرهەمەکەی ئۆگەست ژابا لە سەرەتای ساڵی (١٨٧٩)دا ڕووناکی بینی، وە لە سانت-پێرسبۆرگ ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی فرێدریك یۆست سەربەرشتی نووسینەکەی کرد.

ئۆگەست ژابا لە ماوەی مانەوەی وەك کۆنسوڵ هەستا بە کۆکردنەوەی چەندین دەستنووسی مێژوویی لە ژێر ٥٤ ناونیشاندا و پەیوەندی کرد بە مۆزەخانەی ئاسیایی و پەرتووکخانەی گشتی ئیمپراتۆرییەت. دواتر لە پێرستێکدا 'باسی دەستنووسە کوردییەکانی کۆمەڵەی لینینگراد'ی ڕێکخست و لە (١٩٦١)دا مارگریتا ڕۆدینکۆ ئامادەی کرد.

بەرژەوەندییەکانی وڵات پێویستی ئەوەی سەپاند پێژمانێکی سەرەکی بۆ دیراساتی کوردی لە ئیمپراتۆرەتی ڕووسی ئامادە بکرێت. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەندین کەسایەتی سەربازی و دیبلۆماسی خاوەن لێهاتوویی بەرز، کە چەندین زمانی ڕۆژهەڵاتییان دەزانی، هەستان بە کارکردن لەمەڕ دیراسەی نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گەلی کورد. ڕاپۆرتەکانیان تێرتەسەل بوون نە تەنها لەو ڕوانگەیەی پەیوەندار بوون بە سەربازیی و دبلۆماسییەوە بەڵکو بە زانیاری هەمەڕەنگیش لە بارەی تاوبوری و سیاسەت لەو ناوچانەی کە بۆی نێزدرابوون. لەدوای جەنگی ڕووسی-تورکیدا ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) و واژووکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیمپراتۆرەتی عوسمانی بوو بە مایەی کردنەوەی کۆمەڵێك نێردەی دیبلۆماسی لەسەر خاکی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕووسیاوە. کە تا ساڵانێکی زۆر دیبلۆماتکاران و سەربازییەکان کاریان دەکرد و یارمەتی گەورەیان لە گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی کوردی پێشکەشکرد.

لەگەڵ هاتنەناوەوەی هەریەك لە نیکۆڵای یاکوفلیڤیچ مار (١٨٦٤-١٩٣٤) و فلادیمێر مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٦٦) و یوسف و ئەبگارۆفیچ ئۆربیلی(١٨٨٧-١٩٦١) بۆ کارکردنی چاڵاکی زانستی لە ساڵی (١٩١٠)وە سەردەمێکی تازە لە گەشەسەندنی دیراساتی کوردی لە ڕووسیا دەستی پێکرد.

زمانەوان بەناوی نیکۆڵای مار (١٨٦٤-١٩٣٤) لە کارەکانیدا ئامارژەی بە ڕاستییەکانی پێشکەوتنی تێرواننینەکان لەسەر ڕۆڵی گەلی کورد لە ڕۆشنبیری خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیا کردووە. نیکۆڵای مار لە ساڵی (١٩١١) کەلەپووری کوردی بەرز نرخاند و هاوکات لە ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەیدا بەناوی "جارێکی دیکەش سەبارەت بە وشەی چەلەبی" لەسەر گەلی کورد نووسیوویەتی، " هۆزە کوردییەکان لە مێژووی ڕۆژئاوای ئاسیا وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گرنگ ڕۆڵیان بینیوە وە تا ئێستاش هەر ڕۆڵ دەبینن، و دەبێت بەدوای کلیلی ئەو دیاردە فۆلکلۆرییە دەوڵەمەندە کوردییانەی وەك سەماو گۆرانییە کوردییەکان بگەڕێین".

فلادیمێر مینۆرسکی لە باسکردنی زانستیدا زانیاری دەوڵەمەندی سەبارەت بە کورد لە سەرچاوەکانیدا بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئەرمەنی هێناوەتە ناوەوە و باسکردووە. مینۆرسکی لە کاتی خزمەتکردنی دیبلۆماسیدا دەستی بە دیراسەی مێژوو و ئەتنۆگرافیا و زمانی کوردی کردووە. بەر لەوەی بێتە کەسێکی پسپۆڕ و باوەڕپێکراو، بە زۆر ناوچەی کوردستاندا گەڕاوە و گەشتی کردووە. لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و سەرۆکی تیرە کوردییەکان تێکەڵیی پەیدا کرد. ئەو زانیارییانەی لە سەرەنجامی چاوپێکەوتنی زۆر و بڕینی سەدان کیلۆمەتر لە ناوچەکەدا هاتبوونە دەست، کەوا توانستی ڕوونکردنەوەی زۆر بابەتی گرنگی لەلا دروستکردبوون. فلادیمێر مینۆرسکی ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد لە میدیەکانی سەکیف بڵاوکردەوە، کە لە ئێستادا لە تیۆری گەشەکردنی خانەوادەکانی گەلی کوردا باڵادەستە.

یوسف ئەربیلی ڕۆڵێکی تایبەتی لە دیراساتی زمان و ڕۆشنبیری کوردی هەبوو و بە دامەزرێنەر و ڕێکخەری قوتابخانەی دیراساتی کوردی سۆفیەتی دادەنرێت. تێبینی دەکرێت یەکەم نووسین سەبارەت بە دەقە کوردییەکان لەلایەن یوسف ئەربیلییەوە لەکاتی نارندیدا بۆ 'ئەرمینیای تورکی' لە ساڵانی (١٩١١-١٩١٥)دا نووسراببێت. لەو کاتەدا و لە ژێر ڕاسپاردەی نیکۆڵای ماردا بە دیراسەتی زمانی کوردییەوە خەریك بوو. کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوداری کورد بەناوی عبدولڕەزاق لە ساڵی (١٩١٤)دا گەیشتە پیترۆگراد بە مەبەستی دانانی ئەلفوبێی زمانی کوردی بە پشتبەستن بە پیتە ڕووسیەکان، و یوسف ئەربیلی لەلایەن ئەکادیمیای ڕووسی زانستی ڕاسپێردرا بە دانانی ئەلفوبێی زمانی کوردی.

چەند بەشداریەکی گرنگی تر لە دیراساتی کوردیدا ئەنجامدران لەلایەن وڵێگ فیلچیڤسکیش– نووسەری دیراساتی مێژوویی ئەتنۆگرافی و چەندین دیراسات سەبارەت بە زمان و کەلتووری کوردی. فاسیلی نیکیتینیش جێگری پێشووی کۆنسوڵی ڕووسیا لە ئورمییە پەرتووکێکی گشتگیری گرنگی لە ژێر ناونیشانی "کورد" بە زمانی فەرەنسی لە ساڵی (١٩٥٦) دا نووسی.

لە ساڵی(١٩٢٩)دا حکومەتی یەکێتی سۆفیەت ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بە ئەرکی زانستەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دا، کە جەختی لەسەر گرنگی دیراساتی گشتگیر و قۆڵ لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی هەڵوێستی سیاسی تازەدا کردەوە. لە پێناوی ئەمەدا پێشنیاری دامەزراندنی پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی بۆ تۆێژینەوەی زانستی لە لینینگراد بۆ پێگەیاندنی کادیری زانستی نوێ کرد.

گەشەسەندنی دیراساتی کوردی لە یەکێتی سۆفیەتدا لەو کاتەدا وەک پێویستی پراکتیکی جێبەجێکران: لە ساڵانی (١٩٢٣-١٩٢٩) ناوچەیەکی بەڕێوەبردنی کوردستانی لە خاکی کۆماری ئازربایجانی سۆفێتی هەبوو، زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئەرمینیا خوێندرا، لەو شوێنەی قوتابخانەیەکی تەکنیکی مامۆستایانی کوردی کرایەوە، پەرتووکەکانی خوێندن چاپکران، و ڕۆژنامەیەک بەناوی "ڕێیا تازە" دەرچوو، لە گەڵ چەندان کاری دیکە.

لە پێناوی کارکردن لە ڕێکخراوێکی تەکادیمی زانستیدا لە یەکێتی سوفیەت بۆ یەکەمجار ئامادەکردنی کادیر لە دیراساتی کوردیدا ئەنجامدرا. لە ساڵی (١٩٣١) دا و دواتر بە دەستپێشخەری کەسایەتی تەکادیمی بەناوی ئەلیکاسندەر ئارنۆلدۆڤیچ فریمان (١٨٧٩-١٩٦٨) خولێکی کوردی لە کۆلێژی زمانەکان لە پەیانگای مێژوو و ئەدەبیات و زماناسی کرایەوە، کەوا زۆربەی ئەوانەی پەسەندکران تیایدا ئەو لاوە کوردانە بوون کە دەرچووی کۆلێژی کاری و سەر بە پەیانگای لینینگرادی ڕۆژهەڵاتی بوون.

کردنەوەی ئەم خولە لەلایەن کورد ئاوارە نیوانەتەوەییەکان بەرز نرخێندرا، وەک پێزانینێك کە زانستی سۆفیەتی دانیناوە بە ڕۆڵی گرنگی کورد لە مێژوودا و گەشەسەندنی کەلتوریی گەلانی ڕۆژهەڵات. لە تەموزی (١٩٣٤)دا لە یەریفان کۆنگرەی یەکەمی سۆفیەتی بۆ دیراساتی کوردی بەسترا، کە تیایدا باسی ئەو دەستکەوتانەی زانستی سۆفیەتی کرا کە لەسەر کورد و کوردستان کراون، هەروەها تیایدا ئامارژە بە دەرکەوتنی ڕۆشنبیرانی کورد لە یەکێتی سۆفیەتدا کرا و نووسین و دەرکردنی ئەدەبیاتی نەتەوەیی بە زمانی کوردی دەستپێکرد.

لە ساڵی (١٩٤٥)دا دوا بەدوای جەنگی جیهانی دوو، کانات کالاشێڤیچ کوردۆیێف (١٩٠٩-١٩٨٥) وەک مامۆستای زمانی کوردی لە کۆلێژی "دیراساتی ڕۆژهەڵات" لە زانکۆی لینینگراد دەستپێشانکرا، و لە (١٩٤٦)دا وەک ئەندامێکی پەیانگەی ڕۆژهەڵاتناسی وەرگیرا. ئەمە بە سەرەتای دیراساتی مەنهەجیی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی و پەیانگای دەستووسی ڕۆژهەڵاتی ئەژمار دەکرێت.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهان لە دوای جەنگی جیهانی دووەدا بەخۆیەوە بینی، پاڵپشتی زانستی زیاتر و ڕاستەقینە و گەورەی سیاسەتی یەکێتی سۆفیەتی بۆ وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان بە پێویست زانرا. لەم ڕوانگەیەوە حکومەتی وڵاتەکەمان و سەرۆکایەتی ئەکادیمیای زانستەکان

کورد لە کارەکان و ئەرشیفی پڕۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرسکیدا

لەو بەشەدا وێنەی بێهاوتا کە تایبەتن بە مێژوو و ئەتنۆگرافیای کورد لە ئەرشیفی یەکێک لە پسپۆرە هەڵکەوتووەکانی ڕووسی لە دیراساتی ئێرانی و کوردی بە ناوی ڤلادیمێر مینۆرسکی(١٨٧٧-١٩٦٦) نیشاندەدرێت. ئەم وێنانە لە ئەرشیفی پەیانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتیەکان (مۆزەخانەی ئاسیایی پێشوو) سەر بە ئەکادیمیای زانستە ڕووسیەکان پارێزراوە. زۆربەی ئەو وێنانەی لەلایەن ڤلادیمێر مینۆرسکییەوە لەکاتی خزمەتی دیبلۆماسی لە وڵاتانی تورکیا و ئێراندا لە ساڵانی (١٩٠٢-١٩١٧) گیراون ڕەنگدانەوەی ژیاستی ژیانی ونبووی کەلی کوردن. لەو چوارچێوەیەدا، بۆ یەکەمجار کورد بوو بە یەکێک لە بەشدارببوە گرنگەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

کار و بەرهەمەکانی ڤلادیمێر مینۆرسکی سەنگ و بایەخی ئەو سەردەمەی لە زانستی دیراساتی کوردی و ڕووسی و جیهانیدا پێکهێنابوو، کە میراتگری نەریتە بەهادارەکانی هاوکۆفان و هاوەڵانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتناسانی سەدەی نۆزدەم بوو. ڤلادیمێر مینۆرسکی بۆ یەکەمجار لە دیراساتەکانی پەنای بۆ هەموو ئەو سەرچاوانە برد کە لەسەر کورد نووسرابوون، و وەک دامەزرێنەری دیراساتی کوردی لە شێوەی ڕێکخراوێکی زانستی تەواودا دەرکەوت.

لە پاڵ زیاتر لە دووسەد کاری زانستی سەبارەت بە کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەرشیفی کەسیی ڤلادیمێر مینۆرسکی ٤٣٨٥ یەکەی پارێزراو لە خۆ دەگرێت بە زمانی ڕووسی و زمانەکانی ئەوڕوپای ڕۆژئاوا و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، کە کاری زانستی و ڕاپۆرتی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندن و زانیاری دەربارەی نێردە زانستی و دیبلۆماسیەکان و ژمارەیەکی زۆر وێنە – کە بەشێکیان لەو ئەلبومەی ئێستادا نیشاندراون – لە خۆ دەگرێت. سەرەڕای ئەمانەش نامەگۆڕینەوەی بەرفراوانی هەڵکەوتووەکانی لەخۆ گرتووە. هەروەها لە پەیانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان سەر بە ئەکادیمیای زانستە ڕووسییەکاندا کۆمەڵێک دەستنووسی ڕۆژهەڵاتی پارێزراون، کە لەلایەن ڤلادیمێر مینۆرسکییەوە کۆکراونەتەوە و لە نێو ئەوانەدا دەستنووسی کوردیش بەدی دەکرێت.

وەک جۆن لە بابەتە ئەرشیفییەکان و چەند بڵاوکراوەیەکی کەم لەسەر ژیانی ڤلادیمێر مینۆرسکی دا هەن، ناوبراو لە پێنجی شوباتی ١٨٧٧ لە شاری کۆرتشیف لە هەرێمی تفێرسکایا لە دایکبووە و لە مۆسکۆ خوێندنەوویەتی، دواتر بە بەخشینی میدالیای زێڕەوە لە قوتابخانەی نمونەیدا دەرچووە. کۆلێژی مافی لە زانکۆی مۆسکۆدا تەواو کردووە، دواتر پەیوەندی بە پەیانگای لازاریف لە زانکۆی مۆسکۆدا تەواو کردووە، کە تێیدا زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی خوێندووە. دوای دەرچوونی لە پەیانگەدا ساڵی (١٩٠٣) دەستی کردووە بە کارکردن لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە. لە ساڵانی (١٩٠٤-١٩٠٨)دا وەک وەرگێڕ لە کۆنسوڵی گشتی ڕووسیا لە تەبرێز کاریکردووە. لەو کاتەدا کە بە تێرەی دیبلۆماسی لە تاران بوو لە کارەکەی بەردەوام بوو. لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٨-١٩١٢) وەک فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە سانت-پترسبۆرگ خزمەتی کردووە. لە (١٩١٢)دا بە پلەی سکرتێری دووەم لە کونسوڵخانەی ڕووسیا لە قوستەنتینیە بوو بە فەرمانبەر و لە ساڵانی (١٩١٦-١٩١٧) وەک سکرتێری یەکەم لە کونسوڵخانەی ڕووسیا لە تاران کاریکردووە. ڤلادیمێر مینۆرسکی وەک ڕۆژهەڵاتناسێکی خاوەن ئەزموون هەوڵی لە پێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕووسیا و گەلی کوردا دا و یارمەتیدەر بوو بۆ دۆزینەوەی چارسەری دوولایەنەی بۆ چەندین بارودۆخی سیاسی.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر، جیهان و تەنانەت خێزانەکەی ڤلادیمێر مینۆرسکیشی بەناوی تاتیانا ئەلێکسێیێفنا مینۆرسکایا کەوا لە ئێران بوون سەرسام کرد. لە ساڵی (١٩١٩)دا چوون بۆ پاریس. ئەو کات ڤلادیمێر مینۆرسکی دەستی بە وانەوتنەوە و پێشکەشکردنی وانە لە بواری ئەدەبی فارسی و لە بواردکانی مێژووی ئیسلامی و مێژووی تورکیا کرد. دواتر لە ساڵی (١٩٣٢) دا بۆ لەندەن و پاشان بۆ کامبریج چوو، کە لەوێش هەر کاری وانەبێژی ئەنجامدا. لە ساڵی (١٩٤٤)دا ڤلادیمێر مینۆرسکی وازی لە کارکردن هێنا، لەگەڵ ئەوەش وەک ئەندامێکی فەخری لە قوتابخانەی دیراساتی ڕۆژهەڵات و ئەفریقی لە زانکۆی لەندەندا مایەوە.

ئەگەرچی ڤلادیمێر مینۆرسکی بەناجاری لە دەرەوەی وڵات بوو، بەڵام پارێزگاریکردن لەسەر پەیوەندی بەتینی خۆی لەگەڵ زانایانی سۆفیەت و ڕووس و نامە گۆڕینەوەی فراوانی لەگەڵ هاوڕێیەکانی– وە لە تێوانیشیاندا ئەوانەی کە خودی خۆی دەیناسین– بەردەوام بوو. بە هاوکاری لەگەڵ خێزانەکەی، تاتیانا مینۆرسکایا، هەستان بەوەرگێڕانی کارەکانی دیارترین ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس، لەوانە: ف. ف. بارتۆڵد، ی. یو. کراچکۆفس، ن. یا. مار، ن. ف. پیگۆلێفسک و چەندانی دیکە. لە (١٩٦٠)دا ڤلادیمێر مینۆرسکی بۆ مۆسکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمی ڕۆژهەڵاتناسانی دۆلیادا بانگهێشتکرا، و لەو کاتیشدا سەردانی لینینگراد و باکۆ و تبلیسی کرد.

ڤلادیمێر مینۆرسکی گرنگیپێدانی تایبەتی خۆی بۆ قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی کلاسیکی پترسبۆرگ–لینینگراد نیشاندا، لەو شوێنەی دیراساتی کوردی جێی بایەخ بوو، کە ڕەنگە دەرئەنجامی گرنگی ئەو بابەتانەی کە لە تەواوی ژیانیدا خۆی کۆی کردبوونەوە. لە پێناو یارمەتیدانی ئەو قوتابخانەیەدا ڤلادیمێر مینۆرسکی وەسیەتی پێدانی ئەرشیفەکەی خۆی بە تەواوی ئەو بابەتانەوە کە تایبەت بوون بە مێژوو و ئەتنۆگرافیای کورد بۆ پەیانگەی ڕۆژهەڵاتناسی- لقی لینینگرادی سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆفیەتییەکان (مۆزەخانەی ئاسیایی پێشوو، وە لە ئێستادا پەیانگەی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان – ئەکادیمیای زانستە ڕووسیەکان) کرد.

ڤلادیمێر مینۆرسکی لە ٢٦ ی ئازاری ١٩٦٦ دا لە شاری کامبریج کۆچی دوایی کرد، وە لە سەر وەسیەتی خۆی بەخاکسپاردنی تەرمەکەی لە گۆڕستانی 'نۆفێدێفیچ' لە مۆسکۆدا بۆ دووبارە کرایەوە.

ڤلادیمێر مینۆرسکی یەکەمینی ئەو بابەتانەی سەبارەت بە کوردن لە ساڵانی کارکردنی دیبلۆماسی خۆیدا کۆیکردنەوە. سەرئەنجامی گەشتەکانی بۆ کوردستان لە دوو ڕاپۆرتدا ڕەنگیداوەتەوە: "ڕاپۆرتێک سەبارەت بەگەشتێک بۆ خانیپەی ماکۆ" (١٩٠٥)، و "زانیاری کۆکراوە لە کاتی گەشتێک بۆ مەرقە و ناوچەی ڕووبارەکانی زەرینە و سیمینە" (١٩٠٦). ڤلادیمێر مینۆرسکی لە کاتی کارکردنی لە لیژنەی کێشانی هێڵی سنووری تورکی-ئێرانی، لە ساڵی (١٩١١)دا هەستا بە کۆکردنەوەی زانیاری بێهاوتا، لەوانە باسێکی تێروتەسەلی پارێزگای ساووجبولاغ، ناوچەکانی بانە، سوولدوز، ئەشنەوی، و دۆڵ، وە زانیاری دیکە دەربارەی نیشتەجێبوونی هۆزەکان، تاین و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریپەکانیان، و تایبەتمەندی سیاسەتی تورکیا و ئێران و ڕووسیاو ئینگلتەرا سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورددا.

نووسینە دیبلۆماسییەکان و ڕاپۆرتەکانی ڤلادیمێر مینۆرسکی زانیاری گرنگ سەبارەت بە کەسایەتی ناوداری کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردی لەخۆدەگرن، لەوانە: ئیسماعیل بابان زادە، شێخ بەدرخان– کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا دامەزرێنەری پێکهاتەی هەرێمی سەربەخۆ بوو لەگەڵ ناوەنددا لە جەزیرە لەناوچەی باختان– هەروەها ڕووناکبیری کورد عەبدولڕەزاق،

بڕیاریاندا بە گواستنەوەی پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی بۆ مۆسکۆ. هەروەها لقێکی پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت لە لینینگراد دامەزرێندرا و کەسایەتی ئەکادیمی یوسف ئەربیلی لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی (١٩٥٦) کرا بە سەرۆکی ئەو لقە. هەروەها بۆ یەکەمجار لە مێژووی زانستی ڕووسی و جیهانیدا گرووپێکی زانستی لەلایەن تیمێکی کوردییەوە پێکهێنرا، کە دیراساتێکی تەواوی دۆزی گەلی کوردی دەکرد. ئەمە مانای دانپێنان دەگەیەنێت بە ڕۆڵی گەورەی کورد لە مێژوو و فەرهەنگ و کەلەپووری گەلانی ڕۆژهەڵات و تەواوی جیهان.

لە یەکی ئازار (١٩٥٩)دا، تیمی دیراساتی کوردی لقی لینینگرادی سەر بە پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە زێر سەرپەرشتی یوسف ئەربیلی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. لەو کاتەدا چەندین تۆێژەری کوردی چوونە ڕێزی ئەم تیمە کوردییە، و دەستیان بە دروستکردنی بازنەیەکی گەورە بۆ چەندین بابەتی فراوان دەربارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژووی کوردی کرد. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا تەنجامی کارەکانی نوێنەرانی قوتابخانەی لینینگراد–پترسبۆرگ بۆ دیراساتی کلاسیکی کوردی بێ داپران لە پێشەنگیدایە.

کاتات کوردۆیێف، کە لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٨٥) سەرۆکی تیمەکە بوو، و ئیساق تسوکەرمان چەندین کاری سەرەکیان سەبارەت بە زمانی کوردی و زانستی دیالێکتەکان دەرکرد. ی. سمیرنۆفا و ك. ئەیوبیەوە مێژووی ڕێزمانی دیالێکتەکانی زمانی کوردییان نووسی. بە پشت بەستن بە ئەدەبییە کلاسیکییەکان (دیوانە شیعرییەکان)دا ز. ئ. یۆسوپۆفا هەستا بە دیراسەتی ژمارەیەک لە دیالێکتەکانی باشوور، لە نێوان ئەوانەدا 'سۆرانی و گۆزان'یش بوونیان هەبوو. م. ڕۆدینکۆش ژمارەیەک پوختەکاری لەمەڕ دیراساتی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و فۆلکلۆر بەرهەمهێنا. هەرچی ك. ك. کوردۆیێفە بۆ یەکەمجار دەستپێشخەری لە دەرکردنی بەرهەمی هەڵبژێردراو بە دووبەشی جیاواز لە شیعری کوردیدا کرد.

مۆنۆگرافی تایبەت لەلایەن ژردیخان جەلیلۆف تەرخانکرا بۆ دیراساتی 'گۆرانییە مێرووییەکانی کورد'. ز. موسائیلیانیش ببیلۆگرافیایەکیی تەواوی دیراساتی کوردی دەرکرد، کەوا ماوەی سەدەکانی شازدەم تا بیستەمی لە خۆگرتبوو. ی.ی. فاسیلیڤا بەردەوام بوو لەسەر دیراساتی کێشە مێژوویەکانی کورد بە پشت بەستن بەو نووسینانەی مێژوونووسانی کورد لە سەدەی نۆزەمدا بە زمانی فارسی نووسیبوویان. هەروەها وەرگێڕانی تەواوی "شەرەفنامەی" شەرەفخانی بەتلیسی لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی ڕووسی دەدرێتە پال ئەو، کە لە ساڵی (١٩٧٦)دا دەرچوو.

لەهەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی کارەکانی دیراساتی کوردی لە مۆسکۆ، لە پەیانگای ڕۆژهەلاتناسی و پەیانگای زمانناسی مۆسکۆ سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆفیەتی بەڕێوەدەچوو. کارەکانی چەندین زانای دیار و بەرچاو دەردەکەوتن لەوانە هەردوو زمانەوان ج. خ. باکائیف و ر.ل. تسابالۆف و مێژوونووسان ن. ا. خالفین، م. س. لازاریف، م. ا. گاسپرتان کارەکانیان سەبارەت بە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی لە (١٩٦٠)ندا سەریانهەڵدا، لەو کاتەی کە قۆناغێکی نوێ و گرنگ لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان یەکێتی سۆفیەت و کوردا دەستی پێکرد.

سەرکردەی بزوتنەوەی کوردانی عێراق مەلا مستەفای بارزانی ڕۆڵێکی تایبەتی لە یەکێتی سۆفیەت گێڕا. لە کۆتاییەکانی (١٩٧٠) دا تیمێك لە پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی بۆ دیراساتی دۆزی کوردی بڕیکهات بەسەرکردایەتی م. ا. گارستیان کە پسپۆر بوو لە دیراساتی تورکی و کوردی. لە ساڵی (١٩٨٤) دا ئەم تیمە گواستراییەوە بۆ بەشی دیراساتی کوردی، کە لە ئێستادا بەردەوام دیراساتی بنەڕەتی و جێبەجێکاری سەبارەت بە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، و سیاسەت و مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی تێدا ئەنجامدەدرێت. لەم کۆتاییانەدا پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی کۆمەڵێك بەرهەمی زانستی م. لازاریف، ۆ. ژیگالینا، ك. ڤێرتیایێف، ن. مۆساکی، س. ئیڤانۆف بڵاوکردۆتەوە.

بەدرێژایی دوو سەد ساڵ لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا، دیراساتی کوردی-ڕووسی وەك ئاڕاستەیەکی باو لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا، چەند قۆناغێکی پێشکەوتن بە دەست هاتووە و دەولەمەند کراون بە توێژینەوەی گرنگ و قوڵ، کە زانستی جیهانی پێ دەوڵەمەند کراوە نە تەنها ڕێگەی بە دروستکردنی گرنگیدانی زانستی خۆشکرد، بەڵکو کاریکردووە بۆ زیادکردنی گرنگیدان بە ژیان و کەلەپوری کوردانی ڕووسیا و کوردانی تەواوی جیهان.

بەڕێوەبەری پەیانگای ڕۆژهەڵاتی
پڕۆفیسۆر و دکتۆرا لە مێژوونناسی
ئیرینا فیدۆرۆڤنا پۆپۆڤا

یەك زەرە زانستییەکانی فلادیمیر مینۆرسکی کە لە بواری جۆراوجۆری وەك مێژوو و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و زمانی کوردی و ئەدەبەکەیان دان و پشکێکی بەرخ لەمەبەستی زانستی پووسی لە پۆژهەڵاتناسی جیهانیدا پێکدەهێنن. لەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا بابەتی زۆری فلادیمیر مینۆرسکی بڵاونەکراونەتەوە، کە ڕەنگە چاپکردنی ئەلبوومی وێنەکان تا ڕادەیەکی باش ئەو بۆشاییەی پڕکردبێتەوە.

وەك ڕێزلێنانێك بۆ یاکردنەوەی فلادیمیر مینۆرسکی کە بەڕگریکارێکی ڕەسەن بووە لە مافەکانی کوردو میراتی ڕۆشنبیریان، دەمەوێ کۆتایی بە وشەکانی شاعیری بەناوبانگی کورد مەلای جزیری(مەلا ئەحمەدی جزیری) لەسەدەی حەفدەمدا بهێنم:

"هەر کەسێ نوێنەرایەتی کێشەکانمان لە پەستۆ دەگرێت
پاداشتی وەك ئەو کەسەیە حەفتا حەج یا زیاتری کردبێت".

تۆێژەری پێشەنگ
دکتۆرا لە زانستەکانی فیلۆلۆگی
پەیانگای دەستنووسی پۆژهەڵاتی و ئەکادیمیای ڕووسی زانستی
ز. ا. یوسوپۆڤا

ڕاپۆرتە پشتی بە سەرچاوەی جۆراو جۆر بە ستیوو، هەندێکیان بە زمانە بیانیەکان و هەندێکیان بە زمانە پۆژهەڵاتیەکان بوون، کە تایبەت بوون بە شیکردنەوەی دەستەواژەی بەکارهاتووی(غوران/ گۆران). بەپێی ئەو زانیارییانەی کە نووسەر هەیەتی وەك ناونیشانێك بە کارهاتووە بۆ: أ- هۆز، ب- دیالێکت، ج- گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە جوتیاران (کە لایەنگیری و ڕەسەنی بۆ هۆز نییە).

لەو ڕاپۆرتەدا نووسەر گرنگییەکی زۆر تایبەتی بە کێشەی زمانی گۆرانەکان داوە، کە لەو سااڵنەدا بیروڕایەك لەبەرهەمە تایبەتەکاندا زاڵبوو، کە دەگوترا گۆرانەکان لە بنچینەدا کورد نین. لەم ڕوانگەیەوە فلادیمیر مینۆرسکی خۆی بەدوور گرت لە شیکردنەوەی ئەو بیروڕا بەرامبەر و دژە. بۆ دەرەنجامی ڕەها سەبارەت بە پێگەی گۆرانەکان ئامادەی زیاتر بە دیراسەکەی کردووە، کۆمەڵێك ڕاستی نەگۆڕی باسکردووە، کە دەیسەلمێنێن گۆرانەکان و زمانەکەیان بە ڕەچەلەك کوردین. تۆێژینەوەی ئەو بابەتە کە لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا دەکرێت، ئامادەی بەوە کردووە کە گۆران پێگەی زمانی ئەدەبییە لە باشووری کوردستان و چەندین نووسراوی پێ پارێزراوە، لەوانە: ئایینی، داستانی، شیعری گۆرانی. وە ئەوە ڕێککەوت نییە کە لە لیستێکدا ناوی سی و دوو شاعیر هاتبێت کە بە زمانی گۆرانی نووسیوویانە (زۆربەیان ئەفزۆمانن) بێسارانی، سەعدی و قوماسی. ئەو لاواندنەوەی کە لە کاتی مردنی خێزانە خۆشەویستەکەی دەینووسێتەوە سیفەتی نمونە شیعری گۆرانی بە زمانی 'گۆران'یە. جگە لەمانە فلادیمیر مینۆرسکی وایدەبینێ کە زۆربەی گۆرانەکان سەر بە ئایینی ئەهلی حەقن، ئەو ئایینەی لەسەر خاکی کوردان سەری هەڵدا. لە کۆتایی ئەو دەقەدا ئامادە بە لاواندنەوەی قوماسی کراوە، کە هاوبێچی کۆیی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی لەگەڵدایە.

لەپاڵ ئەو کارە سەرەکییانەی ناویراو کە پێشەنگ بوون، فلادیمیر مینۆرسکی چەندین ڕاپۆرتی قەبارە بچووکی نووسیوە، کە زانیاری بایەخدار لەخۆدەگرن دەربارەی: هۆزەکان و خانەوادە کوردییەکان، چەند شارێکی دیاریکراو لە کوردستان، شوێنەواری کۆن، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی. بۆ نمونە ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەی هۆزەکانی ڕۆژئاوای ئێران کە تایبەت چەندین بابەت سەبارەت بەو هۆزانەی کە دیراسەی زۆریان لەسەر نەکراوە، وەك (کەلهوڕ، گۆرانەکان، و شکان) باسکردووە.

لە تۆێژینەوە زانستییەکانیدا گشت کاتێ فلادیمیر مینۆرسکی بەوە باسی بارودۆخی سەرهەڵدانی خانەوادە دەستی پێوەگرتووە دەنووسێ کە کوردەکان لە ڕەسەنی ئێرانییەکانن(هیندو ئەوروپی)، وە بەگوێرەی دووەم ئەوان میللەتێکی ڕەسەنن و پەیوەندی لێکنزیکیان بە گەلانی ئاسیایی هەیە. لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی کوتایی کە ئەو ناونیشانەی بڵاونەکراوەتەوە دەڵێ، "کورد نەوەی میدییەکانن". فلادیمیر مینۆرسکی پارێزگاری لە تێوری یەکەم کرد، کە لە ساڵی (١٩٣٨)دا پێشکەشکرا. ئامادە بەهەندێك ڕاستی و پاساو کە لەو سەرچاوە جۆراوجۆرانە وەرگیراون دەکات کە لە بەرژەوەندی ڕەسەنایەتی میدیایی کوردن. دەقی چاپکراو لەسەر ئامێری نووسین بە زمانی ڕووسی لەگەڵ واژووی ئەو ڕاپۆرتەی کە ساڵی (١٩٥٦) نێردراوە بۆ نووسەر کوردۆیێف، لە ئەرشیفی پەیانگەی دەستنووسە پۆژهەڵاتییەکانی سەر بەئەکادیمیای زانستە ڕووسیەکان پارێزراوە.

وەك دەردەکەوێت تۆێژینەوەکانی فلادیمیر مینۆرسکی بەشێکی زۆری کاریان سەبارەت بە زمانی کوردیيە، پێگەیەکی گرنگیان لەکارەکانی گرتووە، بەپێی وتەی ئەو زانایە، یەکێکن لە بنەماکانی یەکێتی کورد و ئینتما و خۆگرتن بە ڕەسەنایەتییەوە. ئەم بیرۆکەیەی بە وردی لە مەقالەکەیدا بەناوی 'پیرۆزی زیکر' دەڵێت، "هۆکاری سەرەکی و سەرسوڕهێنەری یەکگرتوویی کوردانی کۆن بریتییە لە زمانەکەیان. هەرچەند جیاوازی دیالێکتەکانیشیان زۆربێت، بەڵام هەر

باروودۆخی ئافرەت چۆنە. لەم ڕوانگەیەوە نووسی کە گەلی کورد ڕەنگە لیبرالترین گەلانی دیکەی ئیسلامی بن. خێزانەکانیان و کێچەکانیان بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێك بەربرسیارییەتی خێزانی قورس جێبەجێ دەکەن: کەلوپەل و بار هەڵدەگرن، ئاو دەهێنن، بۆ بەرزایی چیاکان سەردەکەون تا مانگا بدۆشن و دار کۆبکەنەوە، هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەشدا کۆرپەلەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن، کە بە پشتی خۆیانەوە بە کەمەربەندێکی بەرینەوە هەڵ دەگرن. ئافرەتانیان ڕووخساری خۆیان داناپۆشن، لە قەرەبالّغیشدا بە متمانەوە لەگەڵ پیاواندا دادەنیشن و لە قسەکردنی گشتیدا قسەی پازاوە و بەنرخ دەکەن و هەست بە دوورەپەرێزی ناکرێت. گەنجەکان بەتەواوی یەکتر دەناسن و پێشی هاوسەرگیری دڵداریيەکی ڕاستگۆیانە هەیە. نووسەر ئەمەش زیاد دەکات و دەڵێت، ئافرەت لەلای کوردا خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆیە، بەخۆڕایی نییە ئەگەر نمونەی دایکێکی خاوەن ژیرییەکی ڕاست و جوانی بێت ناوی خۆی زیاد بکات بۆ سەر ناوی کوڕەکەی. دواتر نووسەر نمونەی لەسەر هەندێك هۆز هێناوەتەوە کە ئافرەت سەرکردایەتی کردووە. جگە لە ڕێزگرتنی ئافرەت و خۆشەویستی زۆریان بۆ منداڵ، نووسەر ئامادەی بە چەند ڕەوشتێکی کورد کردووە، وەك سروشتی ڕەق و بێهاوتا و خووگرتن بەخێرا تووڕەبوون و پابەندبوونی تۆکمە بە پەیمان و نەبوونی ڕاڕایی لە بارەی ناموس و هەندێك ڕەوشتی دیکە. کورد گەلێکی خانەدان و باشن، وە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە میوان دەکەن و ئارەزووی نوکتەو گاڵتە دەکەن.

لە بەشی کۆتایی پەرتووکی "کورد لە ڕووسیا"دا، فلادیمیر مینۆرسکی سیاسەتی ڕووسیا لە پەیوەندییەکانی بە کوردەوە نیشان دەدات و چەندین چارەسەر پێشنیار دەکات (کە تا ئەمڕۆش گرنگن)، گرنگن بۆ چارەسەری بارودۆخیان. لە پەرتووکەکە دەنووسێت: "دەردەکەوێت لە کۆنەوە بە پێویست دەزانرێت، بۆ بەگگرتنی ئیدارەی کوردی، دەستەیەکی تایبەتی (هێزێکی ئاسایش) پێکبهێنرێت، هەروەك چۆن بۆ 'تورکیانەکان' پێکهات. ووتی فەرمانەکانمان بۆ کورد ڕوون و ئاشکرا نییە، زۆرجار نازانن لەناو ئەو هەموو بەریرسە ڕۆژەدا لە فەرمانگەی جۆراو جۆردا دەبێ لە کوێ بەدوای ویژدان و دادپەروەریدا بگەڕێن. بە شێوەیەکی تایبەت ماندووبوون و زەحمەتی گەیشتنی کورد بوو بە دادگا بەهۆی گشت ئەو ڕۆتین و ڕەسمییاتە ئاڵۆزەی کە هەیە. لەسەر زاری کەسە هەژارەکانەوە، کورد پێویستی بە قوتابخانەی حکومی هەیە، بەپێی توانا. سەبارەت بە خێزانە دیارەکانیشن کەوا هەستیان دەکرد بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و هێواش سروشتی کاریگەری خۆیان لە دەست دەدەن، پێویستە ڕێگەیان پێبدرێت بچنە خوێندنی نمونەیی، وە پێویستە سەنگ بۆ ئەوەش دابنرێت کە توانستی فراوانی خوێندنی بۆ خزمەتی سەربازی لە دڵیان (کوردان) نزیکترین شتە لەلایان".

لە ساڵەکانی دواتردا، بابەتە باسکراوەکان لە پەرتووکەکەدا سەرەتایەکی ئامادە بە پێشکەوتنی بەردەوامی لەتێو بڵاوکراوەکانی فلادیمیر مینۆرسکیدا بەدەستهێنا. لە ساڵی (١٩٢٧) دا ڕاپۆرتی"کورد و کوردستان"ی بۆ ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام بە زمانی فەرەنسی نووسی، کە ئەو بەشانە لەخۆ دەگرێت: ١- بنەچەی کورد، مێژوو (لە داگیرکاری عەرەب تا ١٩٢٦)، ٢- جێنشینی هۆزە کوردییەکان، ٣- ئەنترۆپۆلۆژیا، کۆمەڵناسی-ئەتنۆگرافیا، و ئایین، ٤- تایبەتمەندی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، ٥- فۆلکۆر و ئەدەب، ٦- بڵاوکراوە کوردییەکان. پێویستە ئامادە بەوە بکرێت، کە فلادیمیر مینۆرسکی زیاتر لە بیست ڕاپۆرتی زانیاری بۆ چاپەکانی ئینسایکلۆپیدیا نووسیووە، کە بۆ کوردو کوردستان دانراون.

کارێکی گەورەی دیکەی فلادیمیر مینۆرسکی بریتیە لە ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەی بەناوی "گۆرانەکان" کە بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی (١٩٤٣) دا بڵاوکراوەتەوە. بەشی گەورەی ئەو

کورد لە ئەرشیفی وێنەگرانی ڕووسی

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، گرنگییێدانی ڕووسیا بە نەتەوەی کورد و کوردستان ڕووی زۆر لە زیادبوون کرد. ڕۆشنبیری و ئەدەب و پێگە شوێنەوارییە کوردییەکان سەرنج و گرنگییێدانی ڕاستەقینەی لەلای زۆرێك لە گەڕیدە و توێژەرە ڕووسەکان دروستکرد. بۆیە بەشداریکردنی وێنەگرەکان لە زۆرێك تێرەی شوێنەواری و زانستی دیراسەتەکردنی گەلان کارێکی پەیوست بوو. وێنەگرتنی فۆتۆگرافی بوو بە ئامرازیکی گرنگ بۆ سەلماندنی توێژینەوەکان، هەر ئەمەش یارمەتیان دەدات لە تێستادا بیرۆکەیەکیان لەسەر ژیانی ئەو سەردەمەی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست و ئێران و قەفقاز دەستبکەوێت.

ئەم بەشە بەتەواویی و بۆ یەکەمجار وێنەی کوردەکان لەخۆ دەگرێت کە لەماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم- سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن وێنەگرە بەناوبانگەکانی ڕووس لە جیهاندا وێنەیان گیراوە، لەوانە: دیمتری یەرماکۆف و ئەنتۆن سیفرۆگین، ئەشهەربێك لۆریس- کالانتار، ئەلێکسەندەر ئەلیشۆ، و دیمتری نیکیتین.

دیمتری یەرماکۆف (١٨٤٥-١٩١٦) هونەرمەند و وێنەگرێکی پیشەگەر بوو، و بەشداریکردووە لە چەندین نێردەی تایبەت بە زانستی دیراسەتکردنی گەلان و شوێنەوار لە ڕۆژهەڵات (کوردستان و لوڕستان و وڵاتی فارس). هەر ئەویش یەکەمین کەس بوو کە وێنەی دیمەنەکانی نەریتی کورد و ژیان و گوزەرانیانی گرت و خەسڵەتەکانی ئەو گەلە سەرسوڕهێنەی بەجیهان نیشاندا. دیمتری یەرماکۆف بە بانگخوازی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی ناسرا، ناوبراو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شۆنکەوتووانی خۆی هەبوو، ئەنتۆن سیفرۆگین (١٨٣٠-١٩٣٣) یەکێك بوو لەوان.

ئەمانە هەردووکیان ئاسەوار و جێبەنجەی ئاشکرایان لەسەر ڕەوتی کۆکردنەوەی ماددەی تایبەت بە 'ژیانستی دیراسەتکردنی گەلان' و ڕۆژهەڵاتناسی جێهێشت، کە هەستان بە تومارکردنی دابونەریت و گوزەرانی گەل و هۆز و نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێران و قەفقاز و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هیچ بیانوێك نییە کە لێهاتوویی یەرماکۆف و سیفرۆگین بخرێتە جوارچێوەی تەنها یەك ڕۆشنبیری نەتەوەیی دیاریکراو، یاخود ئەو کەلەپورە هونەری و ڕۆشنبیری و ڕۆژهەڵاتناسە دەوڵەمەندەیان بە هی یەك نەتەوە یا میللەت لەقەڵەم بدرێت، بەڵکو هەردووکیان نوێنەرایەتی ڕۆشنبیری ڕووسیای قەیسەریان دەکرد کە لەچەندین نەتەوە پێکهاتبوون، کە ڕەنگە زۆر جیاوازییەکانی-بەرجەستەبوون لە قەفقاز دەدرەوشانەوە و لە باوەشیان گەورەبوون. ئەوەی یارمەتیدان بە سەربەستی لە جوارچێوەی کەلتور و زمان و نەتەوەکانی کوردستان و ئێران و جۆرجیا و ئازربایجان و ئەرمینیا بگەڕێن بریتی بوو لە هەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی جیا، بەمشێوەیە: یەرماکۆف بە ڕەچەڵەك ئێتالّی و جۆرجی بوو، و سیفرۆگین جۆرجی و ئەرمەنی بوو. ئەوان بە واقیعی ڕووداوی گوزەران و ڕۆشنبیری کە ئامادەی یەکسانی بوون لەگەڵ ڕۆڵەی ئەو گەلانە دەوەردەڕابوون، بۆیە چوونە ناو گفتوگۆیەکی بەرهەمدار لەگەڵ بابەتی ڕۆشنبیری داهێنەرانە، کە نە تەنها وەك چاودێرێك لە نزیکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵکو بە شێوازیکی قوڵ چووبوونە ناخی ئەو کەلتورە، هەر ئەوەش گرنگییەکی بێهاوتا لەبەرهەمیاندا بە شێوەیەکی یەکسان لە ئێوان هەرەبەك لە کاری زانستی و هونەری و ڕۆژهەڵاتناسیدا زیاد کرد.

دیمتری ئیڤانۆڤیچ یەرماکۆف (١٨٤٥-١٩١٦) لە ڕووی بڕوانامەی زانستییەوە تۆپۆگرافەرێکی سەربازی بوو، وە داکۆکیکارێکی هەڵکەوتوو بوو لە بواری وێنەگری فۆتۆگرافی لە قەفقاز و باشووری ئێران. لە دیارترین وێنەگرە هونەرییە پیشەگەرەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسی بوو. بەشداری لە چەندین نێردەدا سەبارەت بە زانستی دیراسەتکردنی گەلان و هەڵمەتی سەربازی کردووە.

هاوشان لەگەڵ قوتابی و هاوکاری خۆی بەناوی ئەنتۆن سیفرۆگین (١٨٤٠-١٩٣٣) بە باشترین نووسەری هەڵکەوتە دادەنرێت لە 'ڕۆژهەڵاتی ڕووسیا'دا. ناوبراو لە شاری تبلیس لە خێزانێکی بیناسازی ئێتالّی بەناوی 'لویجی کامبیاجۆ' هاتۆتە دونیاوە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٧٠) ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەو سەردانانەی کە بۆ قەفقاز بە شێوەیەکی نیشاندراو وێنەی شوێنەواری (شوێنەوارناسی) ئەنجامدابوو بۆ کۆنگرەی جوگرافیناسانی ڕووس لە سانت-پێترسبۆرگ بەرزکردەوە. دواتر لە جەنگی ڕووسی-تورکی لە ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) بەشداریکردووە.

دیمتری یەرماکۆف دوو خەڵاتی بەدەستهێناوە. یەکەمیان خەڵاتی کۆنگرەی فۆتۆگرافی فەرەنسی لە ساڵی (١٨٧٤) و دووەم خەڵاتی پیشانگای مۆسکۆی مرۆڤناسی لە ساڵی (١٨٧٨) دا، لەگەڵ بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی دیکە لە ئێران و تورکیا و ئیتاڵیا. هەستاوە بە ئامادەکردنی کەتەلۆگێك سەبارەت بە 'شوێنەواری قەفقاز' بۆ مۆزەخانەی قەفقازی، کە بۆ ئەو مەبەستە لە پیشانگای دەبەمینی فۆتۆگرافی پاریسی ئیودەولەتی ملوانکەی زێڕی پێ بەخشرا.

باشترین کاتی بەرهەمداری ئەم وێنەگرە ساڵانی (١٨٨٠-١٩٠٠) بوو. یەرماکۆف پاشماوەیەکی بەرچاوی لە دوای خۆی سەبارەت بە کۆکردنەوەی بابەتی تایبەت بە زانستی دیراسەتکردنی گەلان بەجێهێشتووە، کە تیایدا دابونەریت و گوزەرانی ژیانی چەندین گەلی تێدا خراوەتەڕوو، لەوانە فارس و کورد و تازەری و جۆرجی. گرنگترین بابەت لە ژیانی یەرماکۆف "ئەو گەردیدەیەی کە ئەیدەزانی ماندووبوون جیبە" لە وێنەگرتنی وێنە و دیمەنی گوزەرانی ژیانی ئەم گەلانە بوو. ئەوەی یارمەتیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بریتی بوو لە ئامێری تازەی گەڕۆکی وێنەگرتن، کە یەرماکۆف بۆ خۆی هەوڵی دا ئاوێنەی نوێیان بۆ ئامادە بکات و ڕێکبخات. بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانە یارمەتیدەر بوو بۆ دەستکەوت و بەرهەمی زیاتر. ناوبراو لەکاتی گەراندا هەستا بە نووسین و وێنەگرتنی چەندین ناوچە لە قوستەنتینییە و ئەسینا و فەلەستین و وڵاتی فارس.

بە مانەوەی بۆ ماوەیەك لە وڵاتی فارس نازناوی 'کۆشکی شاهانە'ی پێدرا. یەرماکۆف لە ساڵی (١٨٩٦) کەتەلۆگێکی وێنەی فۆتۆگرافی و چەندین نموونەی مرۆیی لە قەفقاز و وڵاتی فارس و تورکیای ئەوڕوپی و ئاسیاییدا ئامادەکرد، کە ئەم کەتەلۆگە بەهەردوو بەشەکەی ٢٥٥٥٦ وێنەی 'نێگەتیڤ'ی لەخۆگرتووە، و جگە لەمەش 'ئەسترۆسکۆپات' و ١٢٧ ئەلبومی دیکەشی تێدابوو، کە بازنەی زانیاری تەواو سەبارەت بە ژیان و گوزەران و باوەڕ و نەریتی تایبەت بوو بە چەندین گەل و تیرەی جیاواز کە پێگەیەکی گرنگیان هەبوو، لە نێو ئەو گەلانەش کورد نیشتەجێی هەردوو سنووری ئێرانی و تورکی بوو.

ئەو وێنەگرە خاوەن ئەزموون و پۆشنبیرە گەورەیە داهێنانی لە چوارچێوەی گەشتەکانیدا کرد لە ڕێگەی ئەو نموونە و وێنە هونەرییە ڕاستەقینانە کە بەوردترین پێوەر هەستابوو بە گواستنەوەی وێنەی ناوووهەوا و بەوردی گوزارشتی لە ڕووخساری دانیشتوانی کوردستان کردبوو کە وێنەی گرتبوون. کارەکانی ئەم وێنەگرە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ببرکردنەوەی هاوچەرخ لە قەفقاز و وڵاتی فارسدا چێهێشت.

ئەنتۆن ڤاسیلیڤیچ سیفرۆگین (١٨٤٠-١٩٣٣)، کە وێنەگرێکی بەناوبانگ بوو، لە شاری تاران لە خێزانی باڵوێزی ڕووسی بەناوی فاسیلی سیفرۆگین و خێزانەکەی ئاتشین خانم (کە لە بنچینەدا جۆرجی بوو) لە دایکبووە. باوکی ناوبراو خۆشەویستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی لەلای ئەنتۆن دروستکرد و لەناخیدا ڕووانادی. کە ڕێگەخۆشکەر بوو ئەنتۆن بێێت بە نووسەری فۆتۆگرافی لە قاجاری تێرانداڵ. باوکی ئەنتۆن پێشتر زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی لە پەیانگەی لازاریڤ لە مۆسکۆدا خوێندووە. دواتر پەیوەندی بە باڵوێزخانەی ڕووسی لە تاران کرد و لەوێ خزمەتی کرد. ئەنتۆن لە ژێر کاریگەری دیمتری یەرماکۆف کە گەڕانی لە وڵاتی فارس و قەوقاز و ئاسیایی ناوەڕاست ئەنجام دەدا، بڕیاریدا وێنە فۆتۆگرافییەکانی بکاتە بەڵگەی دڕێژەی ژیان و گوزەرانی ئێرانی شاهانە. دیمتری و ئەنتۆن وەك دوو گەنج ڕاوەدڕایەتی بەتینیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو و ئەوەی لەیەکتری نزیك کردبوونەوە ئارەزووی هاوبەشیان بوو لە گرتنی وێنەی نایاب سەبارەت بەو ماوەیەی کە لە لوتکەی داهێنانی هونەریدا هەیان بوو. یەرماکۆف بە بیرۆکەی سیفرۆگین سەبارەت بە دووبارە ئەنجامدانی گەشت بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بەپەرۆش بوو. ناوبراو سەرەڕای سەرکەوتنە ئایابەکانی لە گرتنی وێنە کەسییەکان بۆ ڕۆڵەی جیاوازی گەلان و شارستانیەتە جیاوازەکان لە تاقیگە، تەنانەت بۆ ڕووخسارە گشتییەکانی کەسایەتی کوردیش، خۆی بۆ گرتنی وێنەی بەڵگەیی تەرخانکرد.

وێنەگرتنی فۆتۆگرافی لە سەدەی نۆزدەم، بە شێوازیکی نموونەیی لە بواری شوێنەوارناسی و جوگرافیا و زانستی دیراسەتکردنی گەلان دەژمێردرا، بەڵام دواتر ئەو کاتەی کە هونەرمەندانی داهێنەری وەك سیفرۆگین و یەرماکۆف کاری وێنەگریان ئەنجامدا، ئەم کارە (وێنەگری بەڵگەنامەیی) ڕەهەندێکی تازەی وەرگرت و بەهونەرێکی داهێنەرانە وەسفکرا. سیفرۆگین بەهۆی ئەو لێهاتوویەی کە هەیبوو بەخیرایی ناوی دەرکرد، بەرادەیەك وێنەخوازان لە تۆپژی بااڵی کۆمەڵگەی ئێرانی سەردانیان دەکرد. بە شێوەیەك پلەوپایەی بەرزبۆوە کە بوو بە وێنەگری کۆشکی شا نەسرەدین و تەنانەت مەدالیای 'شێرو ڕۆژ' لەلایەن شا نەسرەدینەوە پێ بەخشراو "شا" ڕێگەی پێدا وێنەی حەریمەکەشی بگرێت. سیفرۆگین لە ئەوڕوپاش چەندین خەڵاتی لە هەرەبەك لە پیشانگای بڕۆکسل بۆ وێنەی فۆتۆگرافی لە ساڵی (١٨٩٧) و لە پێشانگای پاریس لە ساڵی (١٩٠٠) وەرگرت.

سیفرۆگین گاوڕێکی کراوەبوو بەڕووی تایبنی ئیسلامدا، بەتایبەت لە بەرامبەر ڕێبازی 'سۆفیگەری نەێنی' کە لە شارستانییەتی فارسییەوە سەرچاوەی دەگرت. بیروباوەڕی سۆفیگەری و بیرمەندە مەزنەکان و نووسینەکانی بواری سۆفیگەری کاریگەری لەسەر بۆچوون و فەلسەفەی ژیانی ناوبراو هەبوو.

لەسەردەمی شۆڕشی دەستوری ساڵی (١٩٠٨)دا، تاقیگەی سیفرۆگین لە تاران ڕوخێنراو، لەتێو ٧٠٠٠ وێنەدا، کە لەوێ بوونیان هەبوو، تەنیا ٢٠٠٠ وێنە دەربازیان بوو، کە دواتر ڕەزا پەهلەوی دەستی بەسەر بەشێکیان داگرت. لە دواییدا کچی سیفرۆگین، بەناوی ماریا، توانی بەشێکی ئەم وێنانە بەدەست بهێنێتەوە. ئەوەی کە ماپێتەوە لەو وێنانە، تەنها بریتین لە ٦٩٦ وێنەی 'نێگەتیڤ'، کە لە مۆزەخانەی سمیسونیان لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پارێزراون.

ئەشهەربێك ئەندرۆڤیچ لوریس-کالانتار (١٨٨٧-١٩٤١) ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە و شوێنەوارناس و مێژوونووس بوو. گرنگی بە وێنەگرتنی فۆتۆگرافی دەدا کە لەو سەردەمەدا جێگەی گرنگییێدانی هەموو لایەك بوو. هەروەها نووسین و بەڵگەی فۆتۆگرافی لەسەروبەندی گەڕانە زۆرەکانی بۆ ئەرمینیا و تورکیا و کوردستان و چەندین شوێنی دیکە بەکارهێنا. لوریس-کالانتار لە گوندی ئەردفی لە قەزای بۆرتشالینی هەرێمی تفلیس لەدایکبووە. لە سەردەستی ڕۆژهەڵاتناس و زمانەوانی ناسراو نیکۆلّای مار لە زانکۆی پترسبۆگ خوێندوویەتی، و دواتر بوو بە ئەندامێکی کارا لە پەیانگای زانست و هونەرەکان لە ئەرمینیا، هاوکات وەك سەرڕاستی زانستی لە لێژنەی پارێزگاریکردن لە شوێنەواری ئەرمەنی کاری دەکرد. لە ژێر سەرپەرشتی نیکۆلّای مار هەستا بەنووسینێك سەبارەت بە وەسفکردنی دەستنووسەکانی ئەرمەنی و وانەی وێنە بەردینەکان لە چیاکانی ئەرمینیا، لەگەڵ نووسینی چەندین توێژینەوەی دیکە لەبارەی مێژووی ئەو وڵاتە و کەلەپوور و ڕۆشنبیرییەکەی. هەروەها گرنگی بە ژیان و گوزەرانی کوردەکان و باری نەتەوەییان دا. دواتر ناوبراو لە ساڵی (١٩٣٧) دەستگیرکرا، و دەوترێت لە ١٩٤١ لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەلێکساندەر گاڤریلۆڤیچ ئالیشۆ (١٨٩٠-١٩٢٢)، جوگرافیناس و مرۆڤناس و وێنەگر، لە کیێف لە دایکبووە. لەسەر ڕاسپاردەی بەشی زانستی دیراسەتکردنی گەلاندا لە مۆزەخانەی ڕووسی لە سانت-پترسبۆرگدا مرۆڤناسی خوێندووە و کۆمەڵێك بابەتی لەم بوارەدا ئامادەکردووە، و لە ساڵی (١٩١٦) دا بەشداری نێردەیەکی بۆ ئاسیای بچووك کرد. لەم چوارچێوەیەدا ژیان و گوزەرانی گشتی کوردەکانی لە کاتی جەنگی دژواری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی وێنەگرتووە. ئەندامێکی کارا بوو لە هەرەبەك لە کۆمەڵەی جوگرافیناسانی ڕووسی و لێژنەی ئەکادیمیای زانستەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە جاودێرانی 'تیرەگەرێتی' دانیشتوانی ڕوسیا. سەرەڕای ئەمانەش لە کیێف وانەی لە مرۆڤناسی و زانستی دیارسەتکردنی گەلان ووتۆتەوە.

دمیتری ئالیکسیڤیچ نیکیتین وێنەگرێکی پیشەگەر بوو و خاوەنی وێنەی نایابی خەڵکی قەفقاز و ئاسیای بچووك بوو. لە یەکەمینی ئەو نوێنەر و وێنەگرە سەربازییانەی کاتی جەنگی ڕووسی-تورکیدا لە ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) بوو. وەك وێنەگری سەربازی بۆ بارەگای هێزەکانی بەرەی قەفقازی نێردراوە. کۆمەڵێك ئەلبوومی ئامادەکرد، کە هەڵسەنگاندنێکی بەرزی لەلایەن ئەوانەی کە تایبەتن بە بواری زانستی دیراسەتکردنی گەلان دەستکەوت، ئەم ئەلبوومانە لە ساڵی (١٨٧٨)دا لە پێشانگای جیهانی پاریس و پێشانگای نەتەوەیی لە سانت-پترسبۆرگ لە ساڵی (١٨٨٨) نمایشکران. سەبارەت بە بەرەی قەفقازی، نیکیتین وێنەی هەوڵەکانی ڕۆژانە و وێنەی هونەری ئەنجامدەدا. گەلەری وێنەیی سەربازی و مەدەنی (سڤیل) و زنجیرەیەکی بێهاوتای دیمەنی شار و لادێکان و شوێنەوارە بیناسازییەکانی ئامادەکرد. لە کانوونی دووەمی (١٨٧٩) دیمتری نیکیتین بەشداری لە دانیشتنێکی ئەتنیکی جیهانیدا لە کۆمەڵەی جوگرافیناسی ڕووسی لە پترسبۆرگدا کرد و ئەو وێنانەی کە لە قەفقاز و بەشی ' تورکیای ئاسیا'ی سەردەمانی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) نیشان دران. دوای چەند مانگێك ئەم وێنەگرە بەهۆی ئەلبوومەکەیەوە بە نانوبشانی "ئافرەتانی قەفقاز" ناوی دەرکرد، کە وێنەی ژۆرێك لە ژیانی کوردیشی لە خۆ دەگرت.

توێژەری شارەزا لە پەیانگای ڕۆژهەڵاتناسی
ئەکادیمیای ڕووسی زانستی
دکتۆرا لە مێژوونوسی
ل. م. ڕەفەندی-فادای

إلى القراء

بين أيديكم، أيها القرّاء الكرام، مجموعة من الصور الفوتوغرافية النادرة إلتقطها الرحالة والعلماء، بل وحتى أول المصورين الروس المحترفين في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، في أماكن الإقامة التقليدية للأكراد في بلدان الشرقين الأدنى والأوسط والقوقاز الجنوبي. وأرى ان هذه المجموعة من الصور كان لها مساهمة كبيرة في كشف تاريخ الأكراد وحضارتهم أمام العالم. اللقطات تصور أبناء شعب رائع ذي مصير صعب، وهو اليوم من الشعوب التي تعيش مرحلة النهضة الوطنية. وأعتقد ان هذه الطبعة ستغدو قسطاً مرموقاً في الدراسات الكردية العالمية وستحظى بالإهتمام ليس فقط في البلدان التي يقطنها الأكراد، بل وكذلك لدى طائفة واسعة من المهتمين بشؤون الشرق.

الأكاديمي يفغيني بريماكوف

الدراسات الكردية – اتجاه تقليدي في علم الاستشراق الروسي

ولدت الدراسات الكردية كاتجاه قائم بذاته في علم الاستشراق في روسيا القيصرية. إذ كفلت الإمبراطورة يكاترينا الثانية الأكاديمي ب. س. باللاس عام (1787) بوضع "معاجم مقارنة لجميع اللغات واللهجات"، وحينها نشر ولأول مرة (276) كلمة كردية. ومنذ ثم توقيع اتفاق جيوليستان للسلام مع إيران عام (1813)، أصبح الأكراد القاطنون في خانية قره باغ رعايا الإمبراطورية الروسية، وغدت ثقافة الشعب الكردي الثرية والعريقة مادة اهتمام الباحثين الروس. فرض تمدد روسيا إلى ما وراء القوقاز وكردستان إيران إجراء دراسة مفصلة للحياة والبنية الاجتماعية للأكراد الساكنين في هذه المنطقة، وتدريجياً أقيمت علاقات ثقة وصداقة معهم. في روسيا تطورت الاتجاهات الأساسية للدراسات الكردية في ذات الوقت مع التطبيقية. ولأجل هذا بدأ في سان بطرسبورغ تشكيل قاعدة مصادر جادة، ذات صلة بالأكراد، وبذل الباحثون والرحالون والدبلوماسيون والعسكريون الروس جهوداً كبيرة لإنشائها. في عام (1818) تم تأسيس المتحف الآسيوي التابع لأكاديمية العلوم الإمبراطورية في سان بطرسبورغ، واستمر إكمال رصيد المؤلفات التي أصبحت أساساً للدراسات الشرقية الرزينة. ولاحقاً، في عام (1826)، نشر أمين المتحف م. غ. فولكوف وصفاً كاملاً للمخطوطة الشهيرة "شرفنامه" (كتاب الشرف) للمؤرخ الكردي شرف خان ابن شمس الدين البدليسي (1543–1603)،وفيه سرد أخبار الحكام الأكراد لبدليس نهاية القرن الثالث عشر– بداية القرن السادس عشر. أهمية نشر هذا المصدر المعرفي القيم والمفصل عن تاريخ الأكراد أشار إليها أكثر من مرة مدير المتحف الآسيوي خريستيان فرين. في سنوات (1860–1862) نشر ف. ف. فيلياميتوف–زيونوف (1830–1904) النص الفارسي للمخطوطة بجزئين: يضم الجزء الأول تاريخ السلالات الكردية، والثاني– خاتمة المؤلف، وفيها يسرد تاريخ أحداث نهاية القرن الثالث عشر– القرن السادس عشر. الترجمة الكاملة لمخطوطة (شرفنامه) إلى اللغة الفرنسية مع شروح مُسهبة وضعها الباحث الفرنسي ف. ب. شارُموا ونشرها في سان بطرسبورغ في الفترة (1868–1875).

أولى عمدة بريفان إي. ف. باسكيفيتش (1782–1856) أهمية كبيرة لإقامة علاقات حسن جوار مع الأكراد. والذي بفضل جهوده الدبلوماسية تمكنت روسيا أثناء الحرب مع تركيا سنوات (1826–1828)، من تحييد القبائل الكردية من إمارات راوندوز، بهتان، هاكاري. وحينها أصبح أكراد بريفان، تاخيجيفاني وكردستان القوقاز ، التي كانت تسمى في أدب ما قبل الثورة (كورتينس)، رعايا الامبراطورية الروسية.

احتكت الشخصيات السياسية والعسكرية والدبلوماسية الروسية، بشكل مباشر مع الأكراد في مناطق إقامتهم في ما وراء القوقاز وبالذات في كردستان، ومنذ أواسط القرن التاسع عشر تمكنوا من جمع وطباعة معلومات متنوعة عن الأكراد وبلادهم، التي غدت في وقت لاحق مصادر قيّمة للاستعمال العلمي الأكاديمي والجامعي. وفي منتصف القرن التاسع عشر ظهر في روسيا عدد كبير من الأعمال في تاريخ وجغرافية واثنوغرافية كردستان– لكل من: ف. ديتّيل، إي. ن. بيرويزن،خ. أبوفيان، ن. ف. خانيكوف، يو. س. كارتسيف وغيرهم. هذه الأعمال أثارت اهتماماً كبيراً في بلدان أوروبا والشرق وجرى ترجمتها إلى لغات عديدة. وفي النصف الثاني من القرن التاسع عشر أصبحت أكاديمية العلوم الروسية المركز المنظم لدراسة تاريخ واثنوغرافيا ولغة الشعب الكردي وأدبه.

ارتبطت نهضة الدراسات الكردية (الكردولوجيا) في هذه الحقبة بنشاطات الباحث البارز بيوتر إيفانوفيتش ليرخ (1828–1884)، الذي بدأ منذ خمسينات القرن التاسع عشر بدراسة القضية الكردية نظراً للحرب الروسية– التركية (1853–1856).

البحث العلمي الأساسي (دراسات عن الأكراد الإيرانيين وأسلافهم الكلدانيين الشماليين) نشر بثلاثة أجزاء، في سان بطرسبورغ عامي (1856–1858). في الجزء الأول من كتابه استناد بيوتر ليرخ من معلومات تطبيقية في اللغة الكردية، استطاع الحصول عليها أثناء إقامته نحو ثلاثة شهور في مدينة روسلافل (مقاطعة سمولينسك)، التي أوفد إليها بتكليف من أكاديمية العلوم الروسية لفرض إتقان اللغة الكردية عبر مخالطة أسرى الحرب الكرد (المتكلمين باللهجتين الكرمانجية والزازائية). وأورد عرضاً مفصلاً عن تاريخ دراسة اللغة الكردية، وحدد فيها خمس لهجات (الكرمانجية والآرية والكلهرية والكورانية والزازائية)، وأعطى اللغة الكردية تعريفاً كلمة قائمة بذاتها تنتسب إلى المجموعة الإيرانية. وفي الجزء الثالث من مؤلفه أدرج بيوتر ليرخ معجمين أعدهما للهجتين الكرمانجية والزازائية.

في الواقع مساهمة أوغست ديتينبيرغش جابا (1801–1894) في الدراسات الكردية الروسية والعالمية تفوق التقدير. هذا الدبلوماسي المرموق والباحث اللامع وجامع المخطوطات الكردية الهمام ومؤلف أول معجم كردي.

في أيار عام (1856)، عُين أوغست جابا قنصلاً لروسيا في أرضروم (تركيا)، حيثُ شرع في دراسة وجمع مواد باللهجة الكرمانجية. وفي هذا المجال قدم له العلامة الكردي ملا محمود البايزيدي مساعدة كبيرة، وبإرشاد من أوغست جابا ترجم العلامة البايزيدي عام (1859) إلى اللهجة الشمالية للغة الكردية (الكرمانجية) النص الفارسي لمخطوطة (شرفنامه). في الوقت الحاضر تحفظ هذه المخطوطة في المكتبة القومية الروسية بسان بطرسبورغ، وقبل ذاك نشرها في العصر السوفييتي عام (1986) ق. ك. كوردويف وَج. س. موساتليان.

في عام (1867) أنتهى أوغست جابا من تأليف معجم (فرنسي– روسي– كردي). وشاركت الجمعية العالمية لعلماء الدراسات الإيرانية في مناقشة هذا العمل. مؤلف أوغست جابا أبصر النور في بداية عام (1879) في سان بطرسبورغ وأشرف على تحريره المستشرق الألماني فريدريك يوستي.

وأثناء فترة إقامته كتصل جمع أوغست جابا مجموعة مخطوطات في التاريخ (54) عنواناً، ضُمت إلى المتحف الآسيوي والمكتبة الإمبراطورية العامة. ولاحقاً تم تصنيفها في فهرس (وصف المخطوطات الكردية – مجموعة لينينغراد)، أعده عام (1961) مارغاريتا رودينكو.

ضرورة إنشاء قواعد أساسية للدراسات الكردية التطبيقية في الإمبراطورية الروسية فرضتها مصالح الدولة. في أواخر القرن التاسع عشر– مستهل القرن العشرين اشتغل في دراسة عادات الشعب الكردي وحياته الاجتماعية والثقافية عسكريون ودبلوماسيون ذوو مؤهلات عالية يجيدون اللغات الشرقية. كانت تقاريرهم مشبعة ليس فقط بالمواد ذات الطابع العسكري والدبلوماسي فحسب، بل وبمعلومات متنوعة تماماً عن الأوضاع الاقتصادية والسياسية في المناطق التي بُعثوا إليها. بعد الحرب الروسية– التركية (1877–1878) ووقع اتفاقية السلام مع الإمبراطورية العثمانية فتحت روسيا عدة بعثات دبلوماسية على أراضي الأناضول الشرقية، حيث كان يعمل على مدى سنوات عديدة دبلوماسيون وعسكريون قدموا مساهمات كبيرة في تطوير الدراسات الكردية.

ومع ولوج كل من: نيقولاي يأكوفليفيتش مارّ (1864–1934) وفلاديمير مينورسكي (1877–1966) ويوسف أبغاروفيتش أوربيلي (1887–1961) في العمل العلمي النشيط، بدأ عام (1910) عهد جديد في تطور الدراسات الكردية في روسيا.

عالم اللغات نيقولاي مارّ أورد في أعماله حقائق تقدم تصوراً عن دور الشعب الكردي في التاريخ الثقافي للشرق الأدنى. كما وقيّم نيقولاي مارّ عام (1911) عالياً تراث الأكراد، وكتب عنهم في مقالته الشهيرة (مرة أخرى عن كلمة "جلبي")؛ (مثلت القبائل الكردية في تاريخ الشرق الأدنى وما زالت تُمثل عاملاً مستقلاً، كقوة اجتماعية– ثقافية معبّرة. ويجب البحث عن مفتاح هذه الظاهرة في الفلكلور الكردي الثري وفي الرقصات والأغاني الكردية).

أدخل فلاديمير مينورسكي في التداول العلمي معلومات ثمينة عن الكرد من مصادر باللغات العربية والفارسية والأوروبية. بدأ فلاديمير مينورسكي في دراسة تاريخ وإثنوغرافيا ولغة الكرد أثناء خدمته الدبلوماسية، وقبل أن يصبح أخصائياً معترفاً به، جال في مناطق كثيرة من كردستان، وخالط الأهالي ورؤساء العشائر. المعلومات التي حصل عليها نتيجة لقاءاته الكثيرة ومئات الكيلومترات التي قطعها على السرج، منحته إمكانية توضيح مسائل مهمة، ذات صلة بتقرير مصير الشعب الكردي. فلاديمير مينورسكي طرح مقولة عن أصل الأكراد من الميديين– الإسقوث، التي تعتبر في الوقت الحالي مهيمنة في نظرية نشوء سلالات الشعب الكردي.

وليوسف أوربيلي دور مميز في دراسة لغة وثقافة الكرد، ويُعد مُنشئ ومنظم مدرسة الدراسات الكُردية السوفييتية. والملاحظ أن أولى مدوناته للنصوص الكردية سجلها يوسف أوربيلي أثناء بعثته إلى أرمينيا التركية (1911–1915). وحينها وبتكليف من نيقولاي مارّ اشتغل بدراسة اللغة الكردية. وعندما وصل إلى بيتروغراد، عام (1914)، الشخصية الاجتماعية والسياسية الكردية البارزة عبد الرزاق بهدف وضع أبجدية كردية استناداً إلى الحروف الروسية، اشغل يوسف أوربيلي، وبتكليف من أكاديمية العلوم الروسية، في وضع الأبجدية الكُردية. واسهام أو. ل. فيلتشيفسكي هام أيضاً في الدراسات الكردية– مؤلف مقالات تاريخية إثنوغرافية ودراسات عديدة في لغة وثقافة الأكراد، وكذلك ف. ب. نيكيتن نائب قنصل روسيا في أورمية، وينسب إليه مؤلف إجمالي جسيم (باللغة الفرنسية) "الأكراد" (1956).

في عام (1929) أقرت حكومة الاتحاد السوفييتي بياناً عن مهام علوم الاستشراق، وفيه أكدت أهمية الدراسة الشاملة والمعمقة لبلدان الشرق في ظل الموقف السياسي الجديد. ولأجل هذا أقترح إنشاء معهد الاستشراق للبحث العلمي، في لينينغراد، لإعداد الكوادر العلمية الجديدة.

تطوير الدراسات الكردية في الإتحاد السوفييتي، وقتذاك، أوجبه المقتضى الواقعي: حيث أنه في سنوات (1923–1929) أقيمت على أراضي جمهورية أذربيجان السوفييتية منطقة كردستان؛ ودرّسوا اللغة الكردية في مدارس أرمينيا، وتم أيضا افتتاح مدرسة كردية تربوية– تقنية، وطباعة كتب دراسية، وإصدار جريدة "ريا تازه" وغيره.

